# کەلتورێکی سیاسی هاوبەش یان بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان

سەلاحەدین بایەزیدی



هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، کە هەر دوو رژێمی پەهلەوی و ئیسلامی ئێران دەگرێتەوە،خەباتێکی سیکتاریستی وسادە لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە پەیرەو کراوە. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەرامبەرەکەی بە شێوازی جۆراوجۆری فروفێڵ و دژە خەباتی بە کار هێناوە. واتە ئۆپۆزیسیۆن روویەك بووە لە بەرامبەر سەدان دەمامکدا،چەمکو پێناسێکی سادە بووە لە بەرامبەر قاموسێك لە چەواشەکاری ونهێنیکاری. ئەو رەوتەش تا ئەورۆکەش درێژەی هەبووە وئۆپۆزیسیۆن هیچ کاتێك نەیتوانیوە بۆ بەرنگاربوونەوەی شێوەکارەکانی رژێم لە هەمبەرخۆیدا ببێتە خاوەن ئەڵترناتیف ومیتۆدێکی کاریگەرو فرەلایەنەی کۆمپلێکس.

هەر بۆیەش نەبوونی میکانیزمی پێویست بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی لایەنی بەرامبەر گەلێك جاران ئەنجامی تاڵ وتراژیدیشی لێکەوتوتەوە. بە واتایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردو غەیرە کوردەوە لە پێناو دارشتن وگەلاڵەکردنی ستراتیژییەکی سیاسی کە لە سەرەتادا بتوانێت هەموو هەوڵەکانی رژێم بۆ پەرژو بڵاوکردنی و بە گژیەکتردانەوەیان بێ کاریگەر بکات وهەروەها بتوانێت وڵاتێکی پڕ حەشیمەتی وەك ئێران، بە هەموو نەتەوەو ئایین وئەتنیکی جۆراوجۆرەوە کە تێیدایە بەرەو دیموکراسی و ئازادی بەرێت،شکستی هێناوە. لەم پەیوەندییەدا ئێمەی کوردیش بە هەموو ئەحزاب و رێکخراوە سیاسییەکانمانەوە جگە لەوەی کە توانایی وهێزی خۆڕاگرتن و مقاومەتمان لە بەرامبەر لەشکرکێشی دەوڵەت لە فارس وئەوانی دیکە درێژتر بوو هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆمان لە ئاستی ستراتیژی سیاسی کوردیدا بە دەست نەهێناوە. بە چاو خشاندنێك بە ئەزموونی پراکتیکی سیاسی ئەحزاب ورێکخراوە کوردییەکان لە پازدە ساڵی رابردوودا بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە تا چ رادەیەك لە زۆربەی بوارەکانی چالاکی و خەبات دا لە پاشەکشەدا بووین. ئێمە تەنانەت نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و رەسمی کارنامەی پراکتیکی سیاسی چەند ساڵەمان لێك بدەینەوە وتاوتۆیی بکەین هەتاکوو بزانین ئەگەر سەرکەوتنمان بە دەست نەهێناوە و شکستمان خواردووە هۆیەکانی چی بوون.

پاشان هەتاکوو بتوانین لە ئەزموونی هەرەس هێنان و سەرنەکەوتنەکەمان بۆ دەست نیشانکردنی رێبازێکی سیاسی نوێ، بۆ پێکهێنانی کەلتوورێکی سیاسی کارامەو کارێگەر و هەروەها بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی کاری تازە کەڵکی لێ وەربگرین. لە هەلومەرجێکی وەها لێڵدا، لە فەزایەکی پرلە پرسیاری بێ وڵامدا دەنگی داخوازی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسی و ئیتیلافێکی حیزبی لە لایەن لانی کەم یەکێك لە رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەرز کراوەتەوە، ئەو رێکخراوەش کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێرانە.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە یەکگرتن ونیزیك بوونەوەی رێکخراوە کوردییەکان لە یەکتر ئاوات وویستی هەمیشەیی جەماوەری کوردستان بووە، هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی مۆدێلی چارەسەری فیدرالی لە لایەن چەند رێکخراو و کەسایەتی رۆژهەلاتی کوردستانەوە کە بووەتە هۆی نیزیك بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و هەڵوێستی هاوبەشی ئەم حیزبانە، موناقشە یان پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی (لانی کەم لە رواڵەتدا) لە هەموو دەمێك زیاتر خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم باسە هەستیارەدا سرنج بدەینە چەند خاڵێکی گرینگ کە بریتین لە:

بەر لە هەموو شتێك ئەگەر راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ئاکام و ئەنجامی ئیمزاکردنی برِیارێکی تایبەتی لە لایەن سەرکردایەتی ئەحزابی کوردیدا پێك بێت، پێویستە بە راشکاوی رابگەیەنین کە ئەم شێوە بەرە ساز کردنە بەر لەوەی مەوجودییەت پەیدا بکات تووشی قەیران و هەرەس دێت. چوونکە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا راگەیاندنی بەرە لە لایەن یەکێك لە رێکخراوە کوردییەکانەوە کە بە روونی دەزانێ لایەنەکانی دیکەی کوردی لەم پەیوەندییەدا هیچ

شێوە ئامادەکارییەکیان نییە یان هیچ سیگنالێکی ئەوتۆ لە خۆیان نیشان نادەن چ واتایەکی هەیە؟ گەلۆ ئەم هەنگاوە بە راستی بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردی هەڵگیراوە یان لە ئەساسدا کۆمەڵێك ئامانجی تایبەتی رێکخراوەیی داوەتە پێش خۆی یان هەردووکیان؟ ئایا لە رۆژێکی ئاوادا کە دوای پێکهێنانی بەرە لە ئارا دایە، کام بەڵگە یان نیشانەگەلێك لە دەستی ئێمەدا هەیە کە پێمان بڵێ زەینییەت و شێوە نیزیك بوونەوەی سیکتاریستی یان پاوانخوازانەی کلاسیکی ئەحزابی کوردی لە بەراورد کردن لە گەڵ ساڵانی پێشدا فەرقی کردووە؟ گەلۆ لە پەیوەندی لە گەڵ باسەکانی پێکهێنانی بەرەدا هیچ میکانیزمێك بۆ بەشداری کردنی رووناکبیران و کەسایەتییەکانی ناوەوەی لە ئارادا بووە یان نا؟ ئەگەر بووە کۆی هەڵوێستەکانی ئەوان لەم بارەیەدا چۆناوچۆن خۆی ئیفادە دەکات؟

بە هەر حاڵ ئێمە دەزانین کە هەوڵەکانی رابردووش لە پێناو پێکهێنانی بەرەدا هەم لە ئاستی ئێران وهەم لە ئاستی کوردستاندا چوونکە لە سەربنەمای زەینییەتێکی تایبەتی بوون سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت. لەم بوارەدا کێشەی سەرەکی ئەوە بووە کە لە مێژووی 25 ساڵەی سیاسەتی کوردیدا بە هیچ شێوەیەك نەتوانراوە بە زەینییەتێکی پلۆرالیستی وفرە حیزبی کار بکرێت و چەمکی زاڵ هەر چەمکی تاکڕەویی وپێشەنگایەتی بووە. یان ئەوەی حیزبێکی گەورەتر خواستویەتی ببێتە ماتریاڵ و هێزەکانیتر لە بۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە. "شورای میللی مقاوەمەت "نموونەیەکی بەرچاو بوو کە هەر چەند هێز ولایەنی جیاجیای کوردستان وئێرانی تێدا ئەندام بوون، بەڵام هەتا دوایی هەوڵ دەدرا هێز و پراکتیکی بەرە بخرێتە بن خزمەتی حیزبێك یان تەنانەت شەخسێکەوە و رێز لە ئیرادەی لایەن و گروپەکانی دیکە نەدەگیرا. وەك هەمووشمان دەزانین ئەنجامی شورای ناوبراو هەڵوەشانەوە و لێکترازان بوو بە بێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆی ئەنجام دابێت. ئەوە نموونەیەك بوو لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، خۆ ئەگەر باس لە نموونەی پێکهێنانی بەرە لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا بکەین، ئەوا هەر بەم شێوەیە بووە . چەندەش لە شێواز وتاکتیکدا جیاوازی هەبووبێ، بەڵام لە چەمك و پاوانخوازیدا ئەوا وەك یەك بووە. لە باتی لێك تێگەیشتن ودەرك کردنی یەکتر بە بیانووی ئەوەی کە لە ستراتیژیدا یەك ناگرنەوە، رووی خۆشیان نیشانی یەکتر نەداوە .

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەم راستییە بکرێ کە دامەزراندنی بەرەیەکی کوردی پێش ئەوەی وەك پرۆژەیەکی ئیرادە گەرایانە رەنگدانەوەو نیشانەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەم حیزب یان ئەو رێکخراوی سیاسی پێوە دیار بێت، پێویستە پرۆژەی نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان وسەقامگیربوونی ستراتیژییەکی سیاسی هاوبەشی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بێ گومان لە لایەنی ناوەرۆك و فۆرمەوە لە گەڵ بەرەیەکی سیاسی کلاسیك جیاواز دەبێت، وەك پێویستییەکی مێژوویی، سیاسی ودیموکراتیك بەرهەمی راستەوخۆی پرۆسەی سازکردنی کەلتوورێك سیاسی نوێ بێت کە لە ناخی مرۆڤەکانی بەشدار لە پرۆسەکەدا و هەروەها لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا جێگیر دەبێت وبەرجەستە دەبێتەوە. ئەم کەلتوورە نوێیە کە لە سەربنەمای دوو ئەسڵی گرنگی وەك مافی نەتەوەی کورد ودیموکراسی دادەمەرزێت، لە راستیدا هەر هەمان ئیجماعی دەنگ یان هێژمۆنی سیاسییە کە سەرجەمی کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دەیانخاتە روو. لە پێناو پێکهاتنی کەلتوورێکی سیاسی هاوبەش و گەڵاڵە کردنی ستراتیژییەکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی ودیموکراسی دێتە ئاراوە بەشداری سەرجەم کەسایەتییە سیاسییەکان ورووناکبیران لە پرۆسەی موناقشەیەکی دیموکراتیکدا زەروورەتێکی مێژووییە.